کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# ترسناکترین گەلەکۆمەی داگیر کەران  دژ بە کورد بەڕێوەیە

## بۆ ڕای گشتی خەڵکی کوردستان
## پارتە سیاسییە کوردستانییەکان
## ماف پەروەران ڕێکخراوەکانی ماڤ مرۆڤ و دژ بە جینۆسایدی کورد
## سەرجەم هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە

**پاش سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ئێران و  کۆبونەوەی بەردەوامی وڵاتانی ناوچەکە دژ بە کورد , سەردانی وەفدی گەورەی حکومی و حیزبی عێراقی بۆ تاران , گەلە کۆمەیەکی بەرفراوان بەڕێوەیە دژ بە گەلی  کورد .**

**سی  پەنابەری  کوردستانی  خۆرهەڵات  لە  شاری  ئەنقەرە  و  لە  بەردەم  بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان گرتراون  کە زۆربەیان ئەندامی  حدکا و کۆمەڵەن , چاوەڕوانی تەسلیم کردنەوە دەکەن بە ڕژێمی سەرکوتکەرو کۆنەپەرستی ئێران .کۆی گشتی** 1300 **پەنابەری کوردستانی خۆرهەڵات لە تورکیان و خۆیان تەسلیم بە نەتەوەیەکگرتوەکان کردوە . نەتەوە یەکگرتوەکانیش  ناتوانن لە بەرامبەر میت پارێزگارییان لێبکەن .ژیانی سەرجەمیان لە مەترسیدایە .**

**لە ناوچەی دەرسیم سێ گەریلا بە ناوەکانی ڕەهێڵ (تێکۆشین ) و سەردار (سەید ڕەزا) و نەجات محەمەد کەریم (کۆچەر) زۆر دڕندانە پاش شەهید کردنیان سەر و  دەستیان لە جەستەیان کراوەتەوە , بەتایبەت زۆر دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ جەستەی کۆچەر(خەڵکی شاری کەرکوك) کردوە .**

**لە زیندانەکانی ڕژێمی سوریا  یەکێك لە تێکۆشەران  بە ناوی (ئەحمەد مەمۆ گەنجۆ)لە ژێر ئەشکەنجە گیانی لە دەست دا .**

## جەماوەری گەلەکەمان

www.kurdistannet.org

داگیر کەرانی کوردستان لە نەخشەی پاکتاوی نەژادی کورد بەردەوامن , دەسەڵاتدارانی کوردستان خۆیان لە ئاست ئەم کوشت و بڕە بێدەنگ کردووە , پێویستە یەکگرتوانە بێینە مەیدان و ناڕەزایی دەربڕن بەرامبەر ئەم دڕندایەتییەی داگیرکەران دژ بە گەلی کورد ئەنجامی دەدەن . ئەم کردارە دڕندانەیە بە هەموو پێوەرێك پاکتاوی نەژادییە و جینۆساید کردنی گەلی کوردە . لە هەر شوێنێك پێتان دەکرد دەنگی ناڕەزایەتی بەرز کەنەوە ئەم کردەوانە شەرمەزار بکەن . داکۆکی لە براو خوشکەکانتان کەن .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد-چاك**

**2004-8-5**

**وێنەی گەریلاکان لە خوارەوە**





